## هۆڵەنداش بەهاوشێوەی پەرلەمانی سوید هەنگاو بەرەو بەجینۆساید

### ئارام ئەحمەد وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ (گوڵان):

# ئەمساڵ ئەولەوییات بەباشکردنی گوزەرانی کەسوکاری شەهیدان و دابینکردنی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوون دەدەین

**ئارام ئەحمەد وەزیری کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوان لەم دیمانەی گوڵاندا تیشکی خستە سەر دوا پرۆژەکانی وەزارەت بۆ خانەوادەی شـــەهیدان و وارســـی ئەنفالکراوان و زیادکردنی مووچەکان و مەســـەلەی خوێندنی رۆڵەی ســـەربەرزی شەهیدان و پێدانی زەوی بۆ ئەو وارسانەی کە تاکو ئێستا ســـوودمەند نەبوون، سەبارەت بەخانەوادەی شەهیدانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمیش وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وتی: (شەهیدانی کوردستان لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە بن بە ئەرکی خۆمانی دەزانین خزمەتیان بکەین و ماف و ئیمتیازاتیان بۆ دابین بکەین..)، هاوکات چەندین پرسی دیکەی تایبەت بەهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەجینۆساید ناساندنی گەلی کوردو دروستکردنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لەهۆڵەندا باس کرد. ئەمەش دەقی دیمانەکەی گۆڤاری گوڵانە لەگەڵ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان..**

*** سەرەتا حەز دەکەین بزانین گرنگترین کارو پرۆژەکانی کە ئێســـتا وەزارەتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوان سەرقاڵێتی چییە؟**

- ئێســـتا ئامادەکاریی بۆ یادی ٢٥ ساڵەی جینوسایدی گەلی کوردستان دەکەین، کە بڕیارە بە شێوەیەکی بەرفراوان و گشـــتگیر لە ساڵانی رابردوو بکرێتەوەو سەرجەم دەزگا حکومیەکان و رێکخراوەکان و خەڵك بەشداری تێدا دەکات، هەروەها پرسی بەنێونەتەوەیی ناساندنی جینوسایدی گەلی کوردستان کە پرسێکی درێژخایەنەو بەبەردەوامی کاری بۆ دەکەین و بۆ ئەم مەبەستە لە پەیوەندی بەردەوامداین.

*** ئایا لەم ساڵدا هیچ پرۆژەیەکی نوێ بۆ دروستکردنی خانـــوو بـــۆ خانـــەوادەی شـــەهیدان و ئەنفالکـــراوان لەبەردەستدایە؟**

- بۆ ئەمســـاڵ ٤٢٥٠ خانوو لە سەرتاســـەری هەرێمی کوردســـتان بۆ وارسی سەربەرزی ئەنفال کراوان بە شێوەی پـــرۆژەی خۆکرد چۆتە بـــواری جێبەجێ کردن و لە زۆر شـــوێندا تەواو کراوە، مەبەســـت لە خۆکرد واتا ئێمە وەکو وەزارەت ٢٧ مليـــون و ٥٠٠ هـــەزار دیناریـــان بە ســـێ قوناغ پێ دەدەین، ئەوان خۆیان خانووەکە دورســـت دەکەن و ئەندازیارانی وەزارەتیش سەرپەرشـــتی لە دروستکردنی خانووەکانیان دەکەن.

**زۆر جار رۆتینی کارەکان لە عێراق دەبێتە هوێ دواکەوتنی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان**

*** زۆرجار باس لەکێشەی کەمی مووچەی نێوان وارسی شـــەهیدانی هاووڵاتی و ســـەنگەر دەکرێت؛ ئایا بەچی سیستەمێك و چۆن مووچەکان رێکخراوە ؟**

- ئێمە بۆ رێکخستنی موچە و بگرە سەرجەم ئیمتیازاتی کەســـوکاری شەهیدان یاســـایەکەمان هەیە کاری لەسەر دەکەیـــن، بۆ ئەمســـاڵ بـــە چەند قوناغێـــك موچەی شەهیدان و ئەنفال کراوان زیاد کراوە، شەهیدی هاووڵاتی موچەکەیـــان کرابووە ٢٥٠ هـــەزار دینار و چەند رۆژێك لەمەوبەریش جارێکی تر لەکەڵ شـــەهیدانی ســـەنگەر و جینوســـاید موچەکانیان کرایـــە ٣٠٠ هەزار دینار، بۆ شەهیدانی جینوسایدش بڕی ١٥٠ هەزار دینار زیادکراوە و بـــڕی موچەکانیان کراوەتە ٦٠٠ هەزار دینار، هەروەها شەهیدانی سەنگەریش لە ٥٠٠ هەزار دینار موچەکانیان کراوەتـــە ٦٥٠ هەزار دینار، کۆی ئەم زیاد کراوانە دەکاتە زیاتر لە ١١٠ مليار دینار کە لە داهاتی نەو و غاز دابین کراوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە ماوەیەکە سەرقاڵی هەمواركردنەوەی یاســـای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدانین تاکو لە هەموو بوارەکاندا بژێوی ژیانی کەســـوکاری شەهیدان باشـــتر بکەیـــن لەوانە لـــە رووی موچـــە و هاوکاری تەندروســـتی و بواری خوێندن و دروست کردنی شوێنی

# ناساندنی گەلی کوردستان دەنێت



نیشتەجێبوون و چەندین خزمەتگوزاری دیکە، ئەو یاسایە تا ئاستێکی باش لە خزمەتی کەسوکاری شەهیداندا بووە، بەڵام لەگەڵ باشبوونی باری بژێوی ژیان پێویست دەکات هەموار بکرێتەوە، بۆ ئەمە ئێمە کۆنفرانسێکمان بە ئامادەبوونی کەسانی شارەزا رێکخست تاکو پرۆژەکە دەوڵەمەند کراو رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران کراو لەوێش پەسەند کراوەو ئێستا لە ئەنجومەنی شورایە بەو هیوای لە داهاتویەکی نزیك بچێتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و لەپاشان ببێتە یاسا.

*** زۆرجار لەپرسی هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوان دا هەست دەکرێت سستی و خاوێتیەك لەپرۆسەکەدا هەبێت، بۆ ئەمەش پەنچەی تاوان ئاراستەی حکومەتی عێراقی دەکرێت، بۆچی بەبەردەوامی کێشە لەبەردەم هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکان لەلایەن بەغداوە دروست دەکرێت؟**

- کۆمەڵێ پرس هەن کە وا دەکات پرسی هێنانەوەی روفاتەکان سست برۆن نەك گرفت دروست کردن، لە سەرووی هەموویانەوە پرۆسەی دۆزینەوەی روفاتەکان لەبەر ئەوەی ئێمە مامەڵە لەکەڵ روفات دەکەین لە ژێر زەوی و زۆرجار هەواڵمان بۆ دێ کە شوێنێك روفاتی لێیە، بەڵام دوای گەرانێکی زۆر لە شوێنەکە هیچ گۆڕە بەکۆمەڵێك یا روفاتێك لە شوێنەکەدا نادۆزینەوە، بۆ نموونە پێیان راگەیاندین کە لە زنجیرە چیاکانی حەمرین ٧٠ گۆڕی بەکۆمەڵی لێیە، کەچی تەنیا یەك گۆڕمان دۆزییەوە و بە هاوکاری وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقی روفاتەکانمان هێنایەوە و بە سوپاسەوە وەزارەتی تەندروستی عیراقی لەم پرۆسەیەدا زۆر هاوکارمان بوون بەتایبەتی بۆ وەرگرتنی سامپلی ئیسك. هەروەها پرسێکی دیکەی بەردەم هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانە کە لە ئەنجومەنی نوێنەران بە یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە کە پرسی هەڵدانەوەی ئەم گۆڕانە دەخاتە ئەستۆی وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقی، هەرچەندە ئێمە لەپرسی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا لەگەڵ وەزارەتی مافی مروڤدا هاوکار و هەماهەنگین، بەڵام زۆر جار رۆتینی کارەکان دەبێتە هۆی دواکەوتنی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، هەروەها بۆ باشتر بەرێوەچوونی و کارەکانی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان داوامان کردووە ئەم یاسایە (یاسایی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان) هەموار بکرێتەوە و بەردەوامیش دەبین تاکو بە باشترین شێوە ئەم یاسایە دەخرێتە خزمەت ئەم پرسە، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا سەرووی ٥٠ گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدراوەتەوە و پرسەکە درێژەی هەیە.

**بۆ ئەمساڵ ٤٢٥٠ خانوو لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بۆ وارسی سەربەرزی ئەنفال کراوان بە شێوەی پرۆژەی خۆکرد چۆتە بواری جێبەجێ کردن**

## بەشێوەیەكی بەرفراوان ئامادەكاری بۆ یادی ٢٥ ساڵەی جینۆسایدی گەلی كوردستان دەكەین

## لەهەولێر كۆنفرانسێك سەبارەت بەدادگای باڵای تاوانەكان دەبەسترێت

## تا ئێستا سەرووی ٥٠ گۆڕی بەكۆمەڵمان هەڵداوەتەوە

*** ئایا پێتوانییە تا ئێستا پرسی ئەنفال بەقەد قەبارەی خۆی لە مەحافیلە نێودەوڵەتیەكاندا گرنگی پێ نەدراوە، وەزارەت لەمبارەیەوە چی هەنگاوێكی ناوە؟**

- خۆی پرسی جینوساید ناساندن بەشێوەیەكی گشتی پرسێكی دوورمەودا و درێژخایەنە و نموونەشمان بۆ ئەوە، لە تێكڕای میللەتانی تردا هەیە وەكو جولەكەكان، بۆ پرسی بەنێونەتەوەیی جینوسایدی گەلی كوردستان هەنگاومان ناوە و كاری باش كراوە، وەكو هەموومان دەزانین دونیا لە ئاست ئەنفال و كیمیاباران بی دەنگ بوو تەنانەت تاكو ماوەیەك لەمەوبەر كەس لایەكی لە كورد نەدەكردەوە، كەچی دوای ئەو هەوڵانەی كە بەم دواییە نراون لە سەر ئاستی دونیادا كە ئیستا كورد لەسەر ئاستی پەرلەمانەكانی دونیا باسی ئەم پرسەی دەكرێت و باشترین نموونەش ئەوەی پەرلەمانی سویدە كە هەڵوێستی خۆی دەربارەی جینوسایدی كوردستان دەربڕی، هەروەها لە پەرلەمانی نەرویجی هەوڵێكی هاوشێوە هەیە دوای بەستنی كۆنفرانسێك كە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە سازمان كرد، بۆ ناساندنی تاوانەكان هەروەك لە كۆتایی ساڵی رابردوو هەر لە پەرلەمانی نەرویج بانگێشتی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە كرا و بە ئامادەبوونی وەزیری شەهیدانی هەرێمی بۆ ناو پەرلەمان تاكو هەڵویستی حكومەتی وڵاتەكەی دەربارەی ئەم پرسە بخاتەڕوو ئەوەش هەنگاوێكی باشە، لە پەرلەمانی هۆڵەندی لەگەڵ كۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمان قسەمان كردووە و بە نیازن هەنگاوێكی هاوشێوەی سوید بنێین، هەر لە هۆڵەندا بڕیار دراوە مونومێنتی هەڵەبجە لەو وڵاتە دابندرێت، ئەوانەش هەموو هەنگاوی باشن بۆ ناساندی جینۆسایدی گەلی كوردستان، بەڵام ڕێگەمان زۆر ماوە و هەوڵی جددی و بەردەوام و باشی دەوێت.

*** پەیوەندییەكانتان لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و پەرلەمانی وڵاتانی دۆست و پێشكەوتوو لە چ ئاستێكدایە بۆ ناساندنی ئەو قەتلوعامەی بەسەر گەلی كوردستان هاتووە؟**

- وەكو ئاماژەم پێدا پرسی ناساندنی جینوسایدی كورد ئاستێكی باش بەخۆیەوە دەبینێ، بۆ پەیوەندیشمان لەگەڵ ڕێكخراوەكان، ئێمە بە بەردەوامی لەگەڵ ڕێكخراوی ICMP كار دەكەین كە ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتییە، بۆ دادگای باڵای تاوانەكانیش كە دادگایەكی نێودەوڵەتییە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان كردووە و سەردانیشمان كردوون و لەگەڵ سەرۆك و لێكوڵینەرەوانی ئەم دادگایە كۆبوونەوەمان ئەنجام داوە و لەم نزیكانەش لە بەرنامەدایە لە شاری هەولێر كۆنفرانسێك سەبارەت بەم دادگایە ببەسترێت، مەبەستیشمان گفتوگۆكردنە لەسەر چۆنیەتی گەیاندی تاوانەكانی سەر گەلی كوردستان بە دادگای باڵای تاوانەكان، هەروەك لەگەڵ ڕێكخراوەكانی تری تایبەتمەند جا لە ناوەوەی هەرێم بێت یان لە دەرەوە و پەیوەندییەكانمان درێژەی هەیە و هەردەم لە پەیوەندی داین.

*** ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٣ رەوانەی پەرلەمان كردووە، ئێستا دانیشتن و گفتوگۆكردنی بودجەكە دەستی پێكردووە، وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان لە بودجەی ئەمساڵدا چ پڕۆژەو بەرنامەیەكی لەبەردەستدایە ؟**

- پرۆژەكانمان زۆرن، لێرەدا دەكرێ ئاماژەی بە بەشێك لەو تەرخانكراوە بكەین كە بۆ خزمەتكردنی كەسوكاری شەهیدانە، ئەویش بۆ نموونە بۆ خوێندنی رۆڵەی سەربەرزی شەهیدان ساڵی ٢٠١٢ بڕی ٥,٩٠٤,٤٨٤,٣٠٠ كە ژمارەیان ٨٠٢ فیرخوازن لە زانكۆ ئەهلیەكان دەخوێنن و ١٠٠٪ خەرجی خوێندنیان بۆ دەدرێت.

*** ئایا لەبودجەی ٢٠١٣ ئەولەویات بەچی كارو پڕۆژەیەك دراوە؟**

- ئەولەویەتی كارەكانمان بریتییە لە باشتركردنی گوزەرانی كەسوكاری شەهیدان لە هەموو بوارەكاندا، بە تایبەتی دابینكردنی زەوی بۆ ئەو وارسانەی كە تا ئێستا سودمەند نەبوون. هەروەك لە پرسیارێكی پیشووترش ئاماژەم پێكرد دوای ئەوەی خانوو بۆ وارسی ئەنفال كراوان تەواو دەكەین و هەوڵ دەدەین بۆ كەسوكاری شەهیدانی سەنگەریش بتوانین خانوو دروست بكەین، لەپاڵ ئەوانەش هەمواركردنی یاساكە ماف و ئیمتیازاتی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوان هەلی باشترمان بۆ دەرەخسێنێ تاكو زیاتر خزمەتی كەسوكاری شەهیدان بكەن.

*** ئایا هەوڵەكانی بەدەستهێنانی داهات بەشێوەی وەبەرهێنان بەهاوشێوەی دەزگای شەهیدی كۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، پێت باش نییە وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان خاوەنی داهاتی خۆی بێت؟**

- لە هەموو دونیا و زۆربەی دەزگاكانی لە شێوەی وەزارەتی شەهیداندا داهاتەكانیان لە ڕێگای ئەنجامدانی پڕۆژەی وەبەرهێنانەوەیە، بۆ نموونە بنیادی شەهید هەروەك ئێوە باسی دەكەن كۆمەڵێ پڕۆژەی وەبەرهێنانیان هەیە و داهاتی سەدان هەزار كەس لە كەسوكاری شەهیدانیان دابین دەكات، ئێمە سەردانی ئەم دەزگایەمان كردووە و دەمانەوێ سوود لە ئەزموونی ئەو دەزگایە وەربگرین و لە داهاتوودا دەبێ ئێمەش كار بۆ ئەوە بكەین كە داهاتی خۆمان هەبێت وەكو وەزارەتی شەهیدان بۆ دابینكردنی موچە و هاوكاری و پشتیوانی كردنی كەسوكاری شەهیدان بۆ ئەمەش ئێستا ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتیمان هەیە بەو هیوایەین بتوانین كار بۆ ئەم پرسە بكەین.

*** تا چ ئاستێك یارمەتی خانەوادەی شەهیدانی گەلی كوردستان لەناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم دەدرێت؟**

- شەهیدانی كوردستان لە هەر شوێنێكی ئەم كوردستانە بن ئێمە بە ئەركی خۆمانی دەزانین خزمەتیان بكەین و ماف و ئیمتیازاتیان بۆ دابین بكەین، لە ناوچە



کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمیش هاوشێوەی هەموو شوێن و ناوچەو شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان لە رێگای بەرێوەبەرایەتیەکانمان خزمەتیان پێشکەش دەکەین.

*** ئایا مەسەلەی زیندانییانی سیاسی لەجێبەجێکردنی مادده پەیوەندارەکان بەهاوشێوەی بەغدا چی کراوە؟ بڕیار بوو وەکو مینحە زەوییان پێ بدەن؟**

- زیندانیانی سیاسی هەرچەندە بەرێوەبەرایەتیەکە سەر بە وەزارەتی شەهیدانن، بەڵام حکومەتی هەرێم بۆ پشت راست کرنەوەی دوسێی زیندانی سیاسی لیژنەیەکی پێکهێناوە و بەڕێوەبەری زیندانییە سیاسیەکان ئەندامە لەم لیژنەیە، تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆری دۆسی زیندانیانی سیاسی پشت راست کراوەتەوە و کار کردن لە دۆسێکانی تر بەردەوامە، ئەو زیندانیە سیاسیانەی کە دۆسێکانیان پشت راست کراوەتەوە جگە لە منحەیەك کە پێیان دەدرێ سوودمەند دەبن لە هەلی خۆیندن و هاوکاری و لەداهاتووشدا کار بۆ دابینکردنی ئیمتیازاتی تر دەکەین.

*** ئایا بۆ خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی لەرووی تەندروستیەوە چییان بۆ کراوە؟ بۆچی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەسەلەیە نەکراوەتەوە؟**

- بۆ پرسی تەندروستی ئێمە کە باسی تەندروستی دەکەین دوو لایەن لەخۆ دەگرێت، بەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان لە دایك و باوك و کەسە یەکەمەکانی شەهیدان، سەبارەت بە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی تاکو ئێستا چەندین وەجبەمان لەبەرکەوتووانی چەکی کیمیاوی رەوانەی ئێران کردووە، بۆ چارەسەر کە تا ئێستا زیاتر لە ١١١٣ کەس چارەسەریان بۆ کراوە و بڕی ٨٣٠ ملیۆن دینار خەرجی چارەسەریان بووە و بەردەوامیشین لە ناردنی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی لە هەمانکاتدا بۆ رایکردنی کاری چارەسەر کردن و باشترکردنی بژێوی ژیان خۆشبەختانە لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شەهیدان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بڕیاری دا بە دابینکردنی موچەیەکی چوارسەد هەزار دیناری بۆ بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی سەرباری ئەوانە ٢٠٤ کەس لە بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی بە بڕی ١٥٢,٢٠٠,٠٠٠ دینار هاوکاری کراون لە سندوقی هاوکاری، بۆ چارەسەرکردنی کەسوکاری شەهیدانیش ئێمە مانگانە ٧٥ ملیۆن دینارمان بۆ چارەسەرکردنی کەسە نزیکەکانی شەهیدان لەبەردەستە و دابەشی سەر هەر سێ پارێزگاکە و ئیدارەی گەرمیانی دەکەین، بۆ ساڵی ٢٠١٢، (٤٤٥٢) کەس چارەسەریان بۆ کراوە لە نەخۆشخانە ئەهلیەکان و بڕی٣,٣٥٣,٩١٥ خەرجی بووە، وەزارەتی شەهیدان جگە لە بواری تەندروستی مانگانە بڕێك بودجەی بۆ بەخێوکاری پەکەوتووی کەسوکاری شەهیدان دابین دەکات دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە دەسەلمێت کە پێویستی بەو بەخێوکارەیە.

- لەکۆتایی دا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان وتی : هەندێ بابەت هەبوون حەزم کرد لە رێگای ئەو گۆڤارەوە بیخەمەڕوو لەوانە ئێمە تاکو ئێستا ١٧,٧٨٢ کەس لە کوڕ و کچی شەهیدان هاوکاری هاوسەرگیریان کراوە و بە بڕی ٤٨,٦٥١,٠٠٠,٠٠٠ دینارە، بۆ دایك و باوکی شەهیدان ئەوانەی پەکەوتوون و توانای جەستەییان نییە کە ژمارەکەیان ١٦,٧٥٩ کەسن و ١,٢٥٦,٩٢٥,٠٠٠ دیناری بۆ تەرخان کراوە.

داوا لە هەموو کەسایەتی و لایەنی سیاسی و چالاکوان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەم کە هاوکارمان بن لە یادکردنەوەی ئەمساڵی کیمیاباران و جینوساید کە بڕیارە بە شێوەیەکی بەرفراوان بکرێتەوە، کە چەندین چالاکی لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم بەخۆیەوە دەگرێت.

**یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان هەموار دەکرێتەوە**

**لە داهاتوودا دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کە داهاتی خۆمان هەبێت بۆ دابینکردنی موچە و هاوکاری و پشتیوانی کردنی کەسوکاری شەهیدان**

**١٧ هەزارو ٧٨٢ لە کوڕ و کچی شەهیدان هاوکاری هاوسەرگیریان کراوە**